


# گوڵەگەنمە پووچەکان

ئازاد عەبدولواحید

* لە پەنای ئەو کونج و دەلاقە بچکۆلەیەوە، دەمەوێ مانگانە لەسەر یەکیک لە دیاردە سەیرەکانی ناوەندی کولتووری و ئەدەبی و هونەری بوەستم و پەنجە لەسەر هەندێ شتی نامۆ دابنێم، ئەوەی ئەم جارە باسی دەکەم، لە حاڵەت دەرچووە و خەریکە دەبێتە دیاردە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش پتر ڕوو لە زیادبوون دەکا.

* ئەم دیاردەیەی لێی دەدوێم پێوەندی بە بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرێک، نووسینی نووسەرێک و توێژینەوەی توێژەرێکەوە هەیە کە لە دوای پەسەندکردنی بابەتەکەیەوە دێ، کاتێ خاوەن دەقێک، نووسینێک دەبینین بەوە قوشقی بووە کە بەرهەمە بڵاوکراوەکەی لە پشت بەرهەمی شاعیرێکی دی، یان نووسینی نووسەرێکی دیکەوە دانراوە، ئەو کاتە ئەو کە خۆی لەوان زۆر بەگەورەتر دەبینێ، بەمە هەڵدەچێ و دەماری دەگیرێ.

* شاعیری خۆ بەزلزان و نووسەری لە خۆبایی، ئەوە بە بچووکبوونەوەی خۆی دەزانێ و لەلای دەبێتە گرفتێکی گەورە، ئیدی دەکەوێتە پەلەقاژە و بۆڵەبۆڵ دەست پێ دەکات، ئەوانە پێیان وایە دانانی شیعر و نووسینیان لە پشت شیعر و نووسینی ئەوانی دیکەوە، لە زانایی و دانایی و داهێنان و پلەوپایە و گەورەییان دەهێنێتە خوارێ و پێی کەم دەبنەوە.

* هەمیشە ئەوانەی فوویان کردووەتە خۆیان و خۆ بە مەزن دەبینن، بەدانانی بابەتەکانیان لە پشت ئەوانی دیکەوە، بە هەڵچوون و هەڵەشەییەوە دەکەونە قسە فڕێدان و لە خۆیانەوە بیروڕای کڵێشەیی پێشوەختە لەبارەی دەق و نووسینی کەسانی دی دەڵێن، بۆیە تۆمەتی خێرا و حازربەدەستیان لەلایە تا بەبێ بیرکردنەوە و تێفکرین و بەڵگەی سەلمێنەر، لە تەنگەی ئەوانە بدەن کە دەق و نووسینیان لە پێش دەق و نووسینی ئەوانەوە دانراوە.

* لە بوونی دیاردەیەکی وەها، ئەو دەقنووس و نووسەرانە تەنیا خۆیان دەبینن و نێرگسیانە لە خۆیان دەڕوانن، وا دەزانن تەنیا خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا هەن و هەر ئەوان شایانی ئەوەن لە ڕیزی پێشەوەی لاپەڕەکان بن، بەبێ گوێدانە ئەزموونی دوورودرێژ و مێژووی کەسەکان، یان بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی، ئەو کەسانەی نووسینیان لەپێش نووسینی ئەوانەوە دانراوە، ئەوانیش نووسەری جددین و کاریگەری و جێدەستیان بەسەر ئەدەبیاتی کوردییەوە هەیە، هەندێ جار حیساب بۆ پلەی زانستی و ئەکادیمی کەسەکانیش ناکەن کە پلەی زانستی و ئەکادیمییان لەوان بەرزترە.

* ئەوانەی لەسەر دانانی شیعر و نووسینەکانیان لە پێشەوە شەڕ دەکەن، پێیان وایە ئەو کارە ڕەونەق و ئەفسوونی زیاتر بە نووسینەکانیان دەدا، بە دانانی بەرهەمەکانیان لە پشت کەسانی ترەوە، وا دەزانن غەدر و ستەمێکی گەورە لە خۆیان و نووسینەکانیان کراوە، چونکە خۆیان لەوانی دی بە شایستەتر دەزانن لە ڕیزی پێشەوە بن، وای لێک دەدەنەوە کە لە گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا دەفەری زێڕین و خۆڵەمێشی هەیە، لەکاتێکدا ئەو چاپەمەنییەی ئەو پەسندی کردووە، هەموو لاپەڕەکانی گرنگ و زیندوون و لەلایەن خوێنەرانەوە بەتاسەوە دەخوێنرێنەوە، شاعیر و نووسەرێکیش بەڕاستی شاعیر و نووسەر بن، خوێنەران کون بە کون بە دوای نووسینەکانیاندا دەگەڕێن، ئەوجا لە هەر کوێی گۆڤار و بڵاوکراوەکەدا بڵاوبووبێتەوە.

* ئەم دیاردەیە هەر تەنیا بەرۆکی بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی نەگرتووە، بگرە ئەوەندەی من ئاگام لێیە، بەپێی ئەزموونی چەندان ساڵەم، ئەوەندەش کە لە هاوڕێیانی دیکەم دەبیستم، ئەوانیش دەڵێن کە پانێڵێک بۆ هەندێ کەس دادەنێین و دەیخەینە دوای پانێڵیستێکی دی، یان زەرووڕەت وا دەخوازێ دابەشکردنی جوگرافیایی لەبەرچاو بگرین، تووشی کەسانی چیکڵدانە تەنگ دەبینەوە و شەڕی پێشخستنی پانێڵەکەی دەکا، هەندێ جار دەیگەیەنێتە ڕادەی بەجێهێشتنی کۆڕ و فیستیڤاڵ و سیمینارەکە، ئەوجا وەرە دڵت بە مامۆستایەکی زانکۆ و ئەکادیمییەک خۆش بێ، بەو بیرکردنەوەیە نەوەکانمان پێبگەیەنێ، لە جیاتی ئەوەی بە کاریگەریی بیروڕا و زانست و زانیارییەکانی گەورەیی خۆی بنوێنێ، دەیەوێ بە هەڵچوون و لەخۆباییبوون خۆی گەورە نیشان بدا، لەجیاتی ئەوەی بە توێژینەوە و بۆچوونی نوێ ببێتە جێگەی سەرنج، پێی وایە نووسینەکەی لە پێشەوە نەبێ، ئەوە ڕەواجی نییە و کەس گوێی لێ ناگرێ و نایخوێنێتەوە.